Dengekan
Signature Not Verified
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.15 21:57:13 -06'00'

# شاباز و دالآش

حەمەسەعید حەسەن

ئەو سوارە/ ساختانەی
لە بەردەم/ باهۆزی/ باوەڕما/ گلابوون،
ئەو فیلە/ گێژانەی
ڕۆژانی/ زێڕینم/ تەقلەم پێ/ لێ دابوون،
هەنووکە/ دێن دەڵێن:
یەکێتی/ حیزبێکە/ بێ بەڵێن
دەستێکە/ سوور بە خوێن.
دەبێژن:
یەکێتی/ شیرێکە/ تامەزرۆی/ ملی ژن،
دەبێژن:
شابازی/ گەرمیان و/ دالآشی/ بیارە
دوو سیمای/ یەک پارە!

یەکێتی/ هەنووکە
حیزبێکە/ نوقمی نێو/ کارەسات
هانا بۆ/ بنجەگیای/ کەناری/ زێ دەبات
هۆ ماری/ ئوتاقی/ هێرشی/ ناوکۆیی (*)
هەر وەختێ/ وچانی/ سڕبوونی/ زستانەت/ دوایی هات
ئەنگوستی/ کۆمەکت/ درێژکە!
لەو دەیان/ شەبەقەی/ تێی بووە،
زامێکی/ سارێژکە!

هۆ شێرە/ کوڕانی/ تەنگانە!
یەکێتی/ گوناحە،
فرمێسکی/فرمێسکی/ ئینسانە،
مەڵێن هی/ تیمساحە.

2002. 12. 16

(*) ژووری عەمەلیاتی هاوبەشی نێوان پدک و ینک.